www.kurdistannet.org
23-4-2003 12:34

بەدەستی خاڵی بچینە بەغدایێ. . ؟

نورەدین سە عید وەیسی

رۆژ بەرۆژ ئەمریکییەکان ((سەحافی زراو رژاو گووتەنی ئەوغاد دەولیین)) لە بەغدایێ نزیك دەبنەوە، ئەگەرچی بەرپرسە ئەمریکاییەکان پێیانوایە لە بەغدادا رووبەڕووی شەڕێکی سەخت و دژوار دەبنەوە، هەندێ نووسەرو رۆژنامەوانی خەیاڵ پڵاوی عەرەبیش بەتەمای ئەوەن بەغدا لە سەروەزنی ستالینگرا د ببێتە سەدامگراد، بەڵام من (کەتا ئێستا کلاشینکۆف وبرنۆ لێك دەرناکەم و تەنها بە ئەتاریش دووجار شەڕم کردووە) پێموایە بەغداش لە چەند رۆژی داهاتوودا بە دەردی بەسرەو ناسریەو نەجەف وشوێنەکانی تر دەچێ، ئەو شەش هەزار فیدائیە عەرەبەش کە لەدووری تەنها حەوت هەشت کیلۆمەتری قودسەوە یاغر یاغر رووبان لە بەغدا کردووەو بەرپرسانی عیراقیش خەونێکی زۆری لە سەر دەبەستن، رۆژنامەوانێکی عیراقی گووتەنی هەتا زووە با فریای خۆیان بکەون وبە غدا بە جێ بێڵن چونکە ئەگەر لە هێرشی ئەمریکاش بۆ بەغدا نەکوژرێن، بێ شك دوای گرتنی بەغدا بە دەستی عیراقییەکان لانیکەم تێر شەق دەکرێن. . !

جا لەم رۆژانەدا کە هەموو چاوەکان روو لە بەغدان و زۆر لە ئێمەمانانیش سۆزو حەنینی عیراقییانەیان بۆ بەغدا هەڵساوەو جانتایان لەشانی کردووە، وەك سەرنجیشم داوە هەموو ئارەزوویان لە چوونە بەغدایێ ماسی خواردن وپیاسەیەکی کەناری دیجلەو بەسەرکرنەوەی چایخانەکان وچرینی سروودی ((هەر بژی کوردو عەرە ب رمز النضال)) . . !

بەدرێژایی سی و پێنج ساڵی رابردوو رژێمی بەعس مێشکی عیراقییەکانی بەگشتی وبەغداییەکانی بە تایبەتی پڕکردووە لەوەی کورد (مخرب) و (عصاه) و (جماعه الغدر والخیانه) و بەکرێگیراوی ئەمریکاو ئیمپریالیزمن، پتر لە سێ دەیەیە بەعس لە سەر هەموو ئاستەکاندا ئیش لە سەر ئەوە دەکا کە میللەتی عەرەب براگەورەیەو کوردیش میوانێکی رەزا قورسە لە عیراقدا، هەر بۆیەش دوای رزگارکردنی عیراق لە رژێمی سەدام شەڕێکی قورس لە بەردەم کورددایە، کە شەڕی پووچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤینیەیە کە بەعس بەدرێژایی تەمەنی خۆیدا دژی کورد پەیڕەوی کردووەو مێشکی عیراقییەکانی لێ پڕ کردووە، جا کە تا هەنووکە بە شێکی زۆری ئۆ پۆزیسیۆنی عیراقیش کە بەحیساب دژی تێڕوانین وسیاسەتی سەدامن بە تەواوی لە رەوایی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەگەیشتبن وبگرە بۆچوونی هەندێکیان بە رامبەر مەسەلەی کورد لە هی بە عس باشتر نییە، بەلای منەوە کورتبینیەکی گەورەیە ئەگەر بۆ قۆناغی دوای رژێمی سەدامیش گرەو لە سەر هەڵوێستی ئێستای ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بکەین کە هەنووکە- لە بەر زۆر هۆکار — ناچارن یا وای نیشاندەدەن کە لەگەڵ مافە نەتەوەییەکانی کوردن، چونکە ئەوکات کۆمەڵێك فاکتەرو وهاوکێشەی نێوخۆیی و ئیقلیمی دێنە سەر خەت، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بە چڕی کار بۆ تۆخکرنەوەی ناسنامەی عەرەبی عیراق دەکا، بۆیە ئەگەر بێ بەرنامەوبەدەستی خاڵی وهەر بۆ ماسی خواردن وچاخواردنەوە بچینە بە غدایێ، دەبێ هەر بۆخۆمان بڵێین زەویەکمان هەبوو لە سرێشمێ*. . !!

*دێیەکی دەفەری سۆران وباڵە کایەتییە

٢٠٠٣/٤/٦

nuradinwaisi@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.